# گرفتی تێگەیشتن لە دەقە شەرعییەکان لە بەر ڕۆشنایی پیرۆزکردنی کەلەپووردا توێژینەوەیەکی مەقاسیدییە (شایەتیدانی ئافرەت بە نموونە)

(PP 374 - 388)

https://doi.org/10.21271/zjhs.23.s4.25

**کاظم علی توفیق**

وەزارەتی پەروەردە

kazmali303@gmail.com

**Supplementary Vol.23, No.4, 2019**

The Texts and Heritage:

"Readings and Reviews"

**پوختە**

1. پێویستە لە کاتی توێژینەوە لە کەلەپوور بە شێوەیەکی زانستییانە پۆلێنی بکەین و جیاوازی لە نێوان وەحی خودای گەورە و تێگەیشتنی زانایان بکەین، هەرچی پەیوەستە بە دەقە شەرعییەکانەوە وەریبگرین و ملکەچی بین.

بەڵام ئەو بابەتانەی زادەی تێگەیشتنی مرۆڤەکانن بۆ دەقە شەرعییەکان دەتوانین بە پێی بنەما و پرەنسیپەکان گفتۆگۆی لە بارەوە بکەین، بەڵام مەرجە تێکەڵی حەز و ویستی ناخ نەبێت.

2. ئەو بابەتانەی قسەیان لە سەر دەکرێت لەوانە نەبن کە لە نەگۆڕەکان ئەژمار دەکرێن، بەڵکو لەو بۆچوونانەدا بن بە پێی بارودۆخ و کەس وشوێن و هتد، گۆڕانییان بە سەر دێت، ودەبێت سنووری ئەدەب نەبەزێنین، ڕوشاندن و لەکەدارکردنی خاوەنی بۆچوونەکان نەگرێتەوە.

3. ئەو کەسەی قسە لە سەر حوکمێکی شەرعی دەکات دەبێت شارەزاییەکی باشی لە زمانی عەرەبیدا هەبێت (بەڵام مەرج نیە هەموو وردەکارییەکی زمانەکە شارەزا بێت)، وئاگاداری مەبەستەکانی شەریعەت و هەلومەرجی ئەو کەسانە بێت کە حوکمەکەیان بۆ دەردەکات.

4. لە ئیسلامدا دەرکەوتنی ڕاستییەکان و گێڕانەوەی ماف بۆ خاوەنەکەی گرنگترن لە هەر مەرجێکی لاوەکی، بۆیە خودا لە قورئاندا شایەتی دادپەروەر بە مەرجی سەرەکی دادەنێت.

5. شایەتیدانی ئافرەت لە بوارەکانی (حدود و قصاص و نکاح و تەڵاق و ....) بابەتێکی ئیجتیهادییە و(کۆدەنگی زانایانی) لەسەر نیە، هیچ بەڵگەیەکی شەرعی ڕاشکاومان نیە کە ئاماژە بەوە بدات ئافرەت شایەتی لێوەرناگیرێت، چەندین زاناش هەر لە سەردەمی شوێنکەوتوان (تابعین)ەوە ڕایان وابووە شایەتی ئافرەت لە هەموو بوارەکانەوە وەردەگیرێت، بۆیە پێویست دەکات زانایان و توێژەران بوێرانەو ڕاشکاوانەتر بە دوای ئەم بابەتەدا بڕۆن و قسەی زیاتری لە سەر بکەن.

6. بابەتی شایەتیدانی ئافرەت و هەموو ئەو بابەتانەی تر کە لە سەر بنەمای (داب ونەریت) بونیاتنراون، دەکرێت جارێکی تر خوێندنەوەیان بۆ بکرێت، بە شێوەیەك نە پێچەوانەی دەقە شەرعییەکان بن و نە دژایەتی کرۆکی شەریعەتیش بن. ئافرەت لە ئێستادا زۆر جیاوازترە لە سەردەمانی ڕابردوو، ئەرکی زیاتر بووە، بۆیە دەبێت ڕەچاوی مافەکانیشی بکرێت وەك لە شەریعەتدا باسکراوە، ناکرێت هەندێ داب ونەریتیان لێبکەین بە دین و بە ناوی دینەوە بیانچەوسێنینەوە.

**کلیلی توێژینەوە:** گرفت، تێگەیشتن، دەق.

## 1- پێشەکی

بەناوی خودای بەخشندەی میهرەبان، درود وسڵاو لە سەر گیانی پێشەوای مرۆڤایەتی پێغەمبەری ئازیز ویار ویاوەران وشوێنکەوتووانی تا قیامەت...

خودا پێغەمبەر (صلى الله عليه و سلم)ی کردووە بە ڕێنوێن و مژدەدەر و ترسێنەر، قورئانیشی کردووە بە پەیامی کۆتایی و تا دونیا بەردەوام بێت دەمێنێت ولە تواناى كەسدا نیە تەنها پیتێکی لێبگۆڕێت.

ئاشکرایە کە دەقە شەرعییەکان سنووردارن و ڕووداوەکانیش بێسنوور، لە گەڵ پێشکەوتنی ژیانیشدا ڕووداوی نوێ پەیدا دەبێت و دەردەکەوێت، هەر بۆیە دەرگای هەوڵ و تێکۆشان بۆ تێگەیشتن لە دەقە شەرعییەکان خراوەتە سەر پشت، فەرموودەکەی پێغەمبەریش (صلى الله عليه و سلم) «إِذَا حَكَمَ الحَاكِمُ فَاجْتَهَدَ ثُمَّ أَصَابَ فَلَهُ أَجْرَانِ، وَإِذَا حَكَمَ فَاجْتَهَدَ ثُمَّ أَخْطَأَ فَلَهُ أَجْرٌ».(پێشەوا بوخاری لە سەحیحەکەیدا بە ژمارە 7352 وپێشەوا موسلیم لە سەحیحەکەیدا بە ژمارە (1716) گێڕاویانەتەوە)، موژدەیەکی دڵخۆشکەرە بۆ کەسێك کە ئیجتیهاد دەکات، ئەگەر پێکای دوو پاداشتی هەیە، و ئەگەر هەڵەشی کرد (هەرچەندە هەڵەکە لە بوارێکی شەرعیدایە و پەیوەستە بە مافی خودا و بەندەکانییەوە) پاداشتی خۆی وەردەگرێت و سەرکۆنە ناکرێت و

دەرگاکەشی لێداناخرێت، دکتۆر ئەحمەد رەیسونی دەڵێت: ((بەڵێ موجتەهید پاداشتی خۆی وەردەگرێت ئەگەر هەڵەشی کرد، ئەوەش باجی هزرو توێژینەوەو پێشکەوتنی زانستییە، دەی با توێژەرەکان بێنە پێشەوە))، (الريسوني، 2012، 20).

زانایانیش هەموو هەوڵێکیان بۆ دۆزینەوەی حوکمە شەرعییەکان داوە، تەنها بە دۆزینەوەی حوکمی ئەو شتانەوە نەوەستاون کە دەقێکیان دەربارە نیە، بەڵکو هەوڵی خۆشیان لە تێگەیشتنی ئەو دەقانەشدا خستۆتە ڕوو کە چەند مانا و لایەنێکی جیاواز لە خۆ دەگرن بە هۆی (فرەواتایی و کات و سات و باردۆخ و کەسەکان)ی پەیوەست بە دەقەکانەوە، لە پێناو دۆزینەوەی تێگەیشتنێکی دروست و گونجاو لە گەڵ مەبەستە شەرعییەکاندا.

2-1 بابەتەکانی تۆژینەوە:

پاڵپشت بەوەی ڕابورد توێژینەوەکە لە بەشی یەکەمدا هەوڵ دەدات وەڵامی ئەم پرسیارانە بداتەوە:

ئایا ئیجتیهاد –ڕاست بێت یان هەڵە- پیرۆزە؟ ئەگەر پیرۆز نیە ئەو بنەمایانە چین کە دەبنە هۆی وەرگرتن یان ڕەتکردنەوەی ئیجتیهادی زانایان؟ ئەی چۆن لە دەقە شەرعییەکان تێبگەین؟ ئایا هەموو حوکمێکی شەرعی گۆڕانی بە سەردا دێت؟

لە بەشی دووەمیشدا بۆ جێبەجێکردنی ئەو پرەنسیپانەی کە توێژینەوەکە دەیانخاتە ڕوو بابەتی شایەتیدانی ئافرەت لە ڕوانگەی دەقە پیرۆزەکان و ڕای زانایاندا وەك نموونە باس دەکەین.

بابەتەکە وەڵامێکیشە بۆ هەموو ئەو کەسانەی نەزانانە یان نەیارانە گومان لە جیهانیبوونی ئیسلام دەکەن.

3-1 باسەکانی توێژینەوە:

سرووشتی توێژینەوەکە وایە دەبێتە پێشەکییەك و دوو باس:

باسی یەکەم: کەلەپووری زانایان لە نێوان وەرگرتن و ڕەتکردنەوەدا.

1. ئیجتیهادی زانایان لە نێوان وەرگرتن و ڕەتکردنەوەدا .

2. ڕای زانایان و نوسەرانی هاوچەرخ سەبارەت بە کەلەپوور.

3. شێوازی مامەڵەکردن لە گەڵ کەلەپووری زانایان .

4. چۆنییەتی تێگەیشتن لە دەقە شەرعییەکان لە ژێر ڕۆشنایی بارودۆخ و هۆکارەکانیدا .

باسی دووەم

شایەتی ئافرەت لە ڕوانگەی دەقە شەرعییەکان و ڕای زانایانەوە.

لە کۆتایشدا دەرەنجام و پوختەی توێژینەوەکە دەخەینە ڕوو.

## 2- تێگەیشتن لە دەقە شەرعییەکان و پیرۆزکردنی کەلەپوور

### 1-2 دەستپێك:

ڕۆچوون لە بابەتە شەرعییەکان هێندە سانا نییە هەر کەسێك و هەر چۆنێك بیەوێت قسەی لە سەر بکات و توێژینەوەی لە بارەوە بکات، دەگونجێت سەرباری ئامادەیی هۆکارەکان و لێوەشاوەیی کەسەکانیش دوودڵی لە هەنگاونان زۆرجار ببێتە بەربەست لە بەرەوپێشچوون.

زانایانی پێشین ڕاوبۆچوونی جیاوازیان لە سەر بابەتە (ئیجتیهادییەکان) هەبووە و هەوڵیان داوە کەم و زۆر وەڵامی پرسیارەکانی سەردەمی خۆیان لە بەر ڕۆشنایی دەقە شەرعییەکاندا بدەنەوە، نەوەکانی دوای ئەوانیش هەوڵیانداوە سوود لە کەلەپوورە بەنرخەکەی ئەوان ببینن و درێژە بە کاروانەکەیان بدەن، و بۆ بابەتە تازەکانیش وەڵامی گونجاویان پێ بێت، تا ئەوکاتەی هەندێك لە زانایان بانگەشەی داخستنی دەرگای ئیجتیهادیان کرد و شوێنکەوتنی ڕەهای بۆچوونە فیقهییەکان جێگەی ئیجتیهادی گرتەوە، هەرچەندە بەردەوام کۆمەڵێك زانا هەبوون داوایانکردووە زانایان ئەو دەرگایە بە ڕووی خۆیاندا دانەخەن و بەردەوام بن لە سەر ئیجتیهادکردن.

لە سەدەی ڕابردووشدا کۆمەڵێك زانا ئەم مەشخەڵەیان هەڵگرت و داوایان دەکرد شوێنکەوتنی ڕەهای بۆچوونە فیقهییەکان واز لێبهێندرێت و جارێکی تر لە ژێر ڕۆشنایی دەقە پیرۆزەکان و سوودوەرگرتن لە تێگەیشتنی نەوەکانی دوای پێغەمبەر (صلى الله عليه و سلم) تا دەگاتە سەردەمە زێرینەکان - بە مەبەستی دەرباز بوون لە گرفتەکانی جیهانی ئیسلامی - ئیجتیهاد بکرێت و هەوڵبدرێت وەڵامی نوێ بۆ کێشە تازەکان بدۆزرێتەوە. بەڵام ئەم هەوڵەش ئاکامی تەواوی نەبوو بە تایبەت دوای کۆچی دوایی خۆیان، ئەمەش لە بەر چەندین هۆکاری سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و تەنانەت ئایینیش.

لە ئێستاشدا كۆمەڵێكی زۆر لە زانایان و ڕۆشنبیران هەمان داواكاری دووپات دەكەنەوە و خۆشیان بە پێی توانا سەرقاڵی توێژینەوەی سەرلەبەری كەلەپوور و بە تایبەتی فیقهی ئیسلامین، بە دڵنیاییشەوە لە نێو ئەو كەسانەدا بۆچوونی نەشاز و نەخوازراو و ناڕێكیش بەرهەم دێت (بە تایبەت كاتێك كەسەكە پاشخانێكی ئایینی و فیكری و تێگەیشتنێكی قووڵی لە زانستە شەرعییەكاندا نەبێت).

لەم ڕۆژگارەدا نووسەران و زانایان دەربارەی كەلەپووری ئیسلامی بە سەر چەندین بۆچوونی جیاوازدا دابەشبوون، جا بەر لەوەی باسی چۆنیەتی تێگەیشتن لە دەقەكان بكەین باشتر وایە ڕای ئەوان دەربارەی كەلەپوور بزانین و دواتریش بە كورتی ئەوە دەخەینە ڕوو كە بە چ شێوەیەك مامەڵە لە گەڵ ئەو كەلەپوورەدا بكەین؟ لە كۆتاییشدا چۆن لە دەقە شەرعییەكان تێبگەین؟

**2-2 ڕای زانایان و نوسەرانی هاوچەرخ دەربارەی كەلەپوور :**

گرووپی یەكەم: (هەموو ئەو زانا و نووسەرانە (دەچنە ئەم گرووپەوە) كە ڕواڵەتییانە گوزارش لە بۆچوونە فیقهییەكان دەكەن، یان بە شێوەیەكی باو (تقلید)ی نموونە فیقهییەكان دەخەنە ڕوو، زۆرێك لە دەرچووانی كۆلێژە ئیسلامییەكانیش هەر بەم شێوەیە بیر دەكەنەوە): بۆچوونیان وایە كەلەپووری ئیسلامی پیرۆزە و ڕێگەپێدراو نیە ڕەخنەی لێبگیرێت و بخرێتە بەر نەشتەری توێژینەوە و لێپرسینەوە، هەرچیمان لەوانەوە پێگەیشتووە وەرگیراوە، هەموو بۆچوونەكان ڕاستن و هەموو حوكمەكان پێكاویانە. (القرضاوي، 1432 - 2011 ، 44 – 45).

دووەم: (لەوانەش (حسن الترابي، نصر حامد أبو زيد، محمد عابد الجابري)، و زۆریكی تریش لەوانەی كە ڕایان وایە زۆرینەی حوكمە شەرعییەكان مۆركی مێژوویی بوون (التاريخانية) یان پێوەیە و پێویستمان بە ئیجتیهادی تازە و نوێبوونەوە هەیە): ئەم گرووپە تەواو پێچەوانەی گرووپی یەكەمن و دەڵێن: پێویستە واز لە هەموو كەلەپووری ئیسلامی بهێنین و بینێژین و سەرلەنوێ دەست پێبكەینەوە، وەك هەموو ئەو نەتەوانەی كە لە سەرەتاوە دەستیان پێكردۆتەوە، چونكە ئێمە نەوەی سەردەمی خۆمانین و پەیوەندیمان بە دوێنێوە نیە. بڕوانە (الترابي، المرأة بين الأصول والتقاليد، نصر حامد أبو زيد، دوائر الخوف في خطاب المرأة، محمد عابد الجابري، الدين والدولة وتطبيق الشريعة).

سێیەم (وەك: (قرضاوی، طه جابر العلوانی، مصطفی زلمی، جمال الدين عطيه و وهبة الزحيلی و...) دەیان زانای تر): هەرچی ئەم كۆمەڵەیە ڕایەكی ناوەندیان لە نێوان دوو بۆچوونەكەی پێشوودا هەیە وپێیان وایە دەبێ جیاوازی لە نێوان وەحی خودای گەورە و كەلەپووری مرۆڤەكان بكەین، هەرچی پەیوەستە بە دەقە شەرعییەكانەوە (قورئان)ە یان (فەرمووده)یەكی ڕاست بێت و مانایەكی ڕاشكاوی هەبێت و، پێچەوانەی ڕێسا گشتییە ئیسلامییەكان نەبێت، ئەوە وەردەگیرێت و دەبێت ملكەچی دەبین.

بەڵام ئەو بابەتانەی هەڵقوڵاوی تێگەیشتنی مرۆڤەكانن بۆ دەقە شەرعییەكان دەتوانین گفتۆگۆی بكەین، بە ڕەچاوكردنی بنەما و پرەنسیپەكان وەریبگرین یان ڕەتی بكەینەوە، بەڵام بە مەرجێك دوور بێت لە حەز و ویستی ناخ، چونكە زانایانی باوەڕپێكراوی پێشین هەوڵیانداوە گوفتار و كرداریان پێچەوانەی دەقە شەرعییەكان نەبێت، ئەگەر هەڵەیەكیشیان كردبێت گومانی باشیان پێبەرین و بۆ بێئاگایی یان لێتێكچوونی بگێڕینەوە، بێ ئەوەی بێڕێزی پێبكەین. (القرضاوي، 1432 - 2011، 44 – 45، جمال الدين عطية، وهبة الزحيلي، 20).

زۆرینەی زانایانیش ڕای سێیەمییان لا پەسەندە، و بە بۆچوونێكی ڕاستی دەزانن، زانای گەورە ئیبنوتەیمیە دەفەرموێت (ابن تيمية، 1425 – 2005، 384): (هەڵەكردنی كەسی چاك ودیندار وخۆپارێز بە مەرامی باشەوە زۆرە، مەرجی دۆستی خودا ئەوە نیە لە هەڵە یان لە گوناه پارێزراو بێت). دەتوانین بڵێین ئەم ڕایە باشترین و گونجاوترینیانە، و خۆپاراستنە لە دەرمارگیری گرووپی یەكەم كە زانایان بە پارێزراو لە هەڵە لە قەڵەم دەدەن، و سەرئێشەی گەورەیان بۆ خۆیان و خەڵكی درووستكردووە، ناكرێت هەرچیمان لە پێشینانەوە پێگەیشت بێ هیچ وردبوونەوەیەك وەریبگرین، چونكە زۆرجار ئەوەی كە دەگێڕدرێتەوە بە ڕاستی و وەك خۆی نەگوازراوەتەوە، هەروەها ئەوان ڕەچاوی بارودۆخی سەردەمی خۆیان و كەسەكانیشیان كردووە.

لە زیادەڕۆیی گرووپی دووەمیش كە بە هۆی بێمنەتبوونیان لە زانایان خۆیان تووشی كۆمەڵێك هەڵەی گەورە كردووە (جمال الدين عطية، 22) ڕای وایە: (لە ڕووی تیۆرییەوە زۆرینەی زۆری زانایانی سەردەم و فەقیهە هاوچەرخەكان باوەڕیان بە نوێگەری لە فیقهی ئیسلامیدا هەیە، بەڵام ئەوانەی لە ڕووی كردارییەوە هەنگاوییان ناوە كەمینەن ئەمەش بە كەموكوڕییەكی گەورە دەزانێت).

**3-2 شێوازی مامەڵەكردن لە گەڵ كەلەپوور:**

لە كاتی مامەڵەكردن لە گەڵ كەلەپووری زانایاندا پێویستە ڕەچاوی ئەم خاڵانە بكەین، تا ئەوەی هەڵوێستێكی مامناوەند بگرینە بەر و لە كەموكوڕی و كەمتەرخەمی بە دوور بین:

1. أ. زانايان مرۆڤن و خودای گەورە بەڵێنی پارێزراو بوون لە هەڵە و گوناهی جگە لە پێغەمبەران (سەلامی خوایان لە سەر بێت) بە كەس نەداوە، كەواتە لە كاتێكدا مامەڵە لە گەڵ گوفتار و بیروبۆچوونەكانیشیاندا دەكەین دەبێت ڕەچاوی ئەوە بكەین و بزانین گریمانەی ڕاستبوون یا هەڵەبوون وەك یەك هەڵدەگرێت، كەواتە مافی ئێمەشە ڕەخنە بگرین و، ئەوەی ڕاست بوو وەریبگرین، و واز لە هەڵەكانیشیان بهێنین، مەگەر ئەوان خۆیان ناڵێن هەموو كەسێك جگە لە پێغەمبەر (صلى الله عليه و سلم) قسەی لێوەردەگیرێت و ڕەتیشدەكرێتەوە. (لە عەبدوڵڵای كوڕی عەبباسەوە ڕەزای خوایان لێبێت گێڕدراوەتەوە)، (الغزالي، 1431 – 1، 297/2010).

ب. پێویستە سەرجەم كەلەپووری زانایان بە تەرازووی قوڕئان و فەرموودە ڕاستەكانی پێغەمبەر (صلى الله عليه و سلم) بپێورێن و بەراورد بكرێن، ئەگەر لە گەڵ ئەواندا یەكی گرتەوە ئەوا وەردەگیرێن و بە پێچەوانەشەوە وازیان لێدێنین.

دادپەروەرانە مامەڵە لە گەڵ كەلەپووری زانایاندا بكەین، و سنووری ڕەخنەگرتن بەرەو تۆمەتباركردن نەبەزێنین، خودای گەورە دەفەرموێت: [وَلَا يَجْرِمَنَّكُمْ شَنَآنُ قَوْمٍ عَلَى أَلَّا تَعْدِلُوا اعْدِلُوا هُوَ أَقْرَبُ لِلتَّقْوَى]، (المائدة 8)، دەی بەرامبەر زانایانی موسڵمان لە پێشترە ئەم دادپەروەرییە ڕەچاو بكەین و ستەم لە پێشینە باشەكانی خۆمان نەكەین، بە هۆی هەڵەیەكەوە هەموو چاكەكانیان بێبایەخ نەكەین.

ڕەخنەگرتنیش بە واتای لەكەداركردن و بریندارکردنی زانایان نایەت، وەك پێشتر وتمان هەڵەكردن لە سروشتی هەموو مرۆڤێكە. (ابن القيم، 1435، 526/2).

**4-2 تێگەیشتن لە دەقە شەرعییەكان لە بەر ڕۆشنایی هەلومەرج و هۆكارەكاندا:**

تەنها دەقەكانی قوڕئان و ئەو فەرموودانەی كە ڕاستن و ڕاشكاوانە حوكمەكانیان باسكردووە پیرۆزن، تێگەیشتنی زانایان بۆ دەقەكان پیرۆز نین و دەكرێت ئەو حوكمانەی كە لە سەر ئەو بنەمایە بنیات نراون جارێكی تر خوێندنەوە و پێداچوونەوەیان بۆ بكرێت، بەڵام بە چ شێوەیەك و كام بنەمایە ڕەچاو بكرێت بۆ تێگەیشتن لەو دەقانە.

گرنگترین ئەو پرەنسیپانەی كە پێویستە لە تێگەیشتن لە دەقە شەرعییەكاندا ڕەچاو بكرێن بریتین لە:

أ. ڕەچاوكردنی یاساكانی زمانی عەرەبی بۆ تێگەیشتن لە دەقە شەرعییەكان:

گومانی تێدا نیە كە قوڕئان بە زمانی عەرەبی هاتۆتە خوارەوە، ئەمەش لە چەندین ئایەتدا خراوەتە ڕوو، بۆیە ڕەچاوی یاسا زمانەوانییەكانی زمانی عەرەبی كردووە، كەسێكیش بیەوێت لە قوڕئان و فەرموودە تێبگات پێویستە شارەزای زمانی عەرەبی بێت. پێشەوا شاطبی (الشاطبي، 1426 – 2005، 244/4) دەفەرموێت: (بە هۆی زمانی عەرەبییەوە لە مەبەستە شەرعییەكان تێدەگەین)، ابن خلدونیش (2009،616) دەڵێت: (پایەكانی زمانی عەرەبی چوار دانەن - اللغة والنحو والبيان والأدب - پێویستە پسپۆڕانی بواری شەریعەت بیزانن).

ب. تێگەیشتن لەو ڕستەو دەستەواژە وبارودۆخەی پەیوەندییان بە دەقەكەوە هەیە:

زۆرجار بێئاگابوون لەم بابەتە هەڵە حاڵیبوون لە دەقەكە دێنێتە ئاراوە، بۆیە زانایانی ئوسولی فیقە گرنگی زۆریان بەم بابەتە (سياق النص) داوە، هەروەها دەقەكە لە چ بارودۆخێك وبۆ چ كەسێك دابەزیوە (سبب النزول و سبب الورد). (القرضاوي، بدون، 226 و رقية العلواني،1430، 255).

ج. گێڕانەوەی ئەو دەقانەی (متشابە)ن بۆ دەقە (محكم)ەكان:

هەندێك دەقی شەرعی هەیە ئەگەر سەربەخۆ سەیریان بكەین بە هەڵە لێیان تێدەگەین، بە هۆی بوونی زیاتر لە مانایەك، یان بوونی ناڕوونی لە ماناكەیدا یان هەر شتێكی تر، پێویست دەكات لە ژێر ڕۆشنایی ئەو دەقانەدا لێیان تێبگەین كە ماناكانیان ڕوون و ئاشكران و هیچ مانایەكی تر هەڵناگرن (رد المتاشبهات الى المحكمات). (ابن القيم، 1435، 58/3، رقية العلواني، 1430، 265).

د. ئاگادار بوون لە مەبەستە شەرعییەكان:

یەكێكی تر لە بنەماكانی تێگەیشتن لە دەقەكان ئاگادار بوونە لەو مەبەستانەی كە لە شەرعدا گرنگییان پێدراوە و ڕەچاو كراون ولە هیچ بارودۆخێكدا بەتاڵ نابنەوە، زانایان دەڵێن (القواعد الكلية من الضروريات و الحاجيات و التحسينيات لم يقع فيها نسخ)، (الشاطبي، 1426 – 2005، 88/3)، ئەمەش پێویستە بۆ ئەوەی لە بابەتە (جزئی)یەكاندا نەكەوینە هەڵەوە.

نابێت تەنها ڕووكەشی دەقەكان وەربگرین و مەبەستەكانی واز لێبهێنین، چونكە شەریعەتی خوای گەورە بۆ بەرژەوەندی گشتی هاتووە. (الشاطبي، 1426 – 2005، 88/3 ، ابن عاشور، 1438 – 2016، 409).

هـ- ڕەچاوکردنی حوکمە چەسپاو و نەگۆڕەکان:

ژیان بەردەوام لە بەرەوپێشچووندایە و بەردەوام دەگۆڕێت، شەریعەتی خواش بۆ مرۆڤ هاتووە و کات وشوێنێکی دیاریکراوی نیە، هەڵگری فراوانی و نەرمونیانییەکیشە کە بنەماکانی بەردەوامی لە خۆگرتووە تا ئەوەی بۆ هەموو سەردەمێك و هەموو شوێنێك گونجاو بێت، بۆیە تەنها بەشێکی کەم لە حوکمە شەرعییەکانی نەبێت گوڕانکارییان بەسەر نایەت لە (ثوابت)ەکانن، (وەك ئیمان و دروشمە ئیسلامییەکان و ئاکارەکان و ....... هتد)، زۆرێك لە حوکمە شەرعییەکانی تر تەنها هێڵە گشتییەکانی دیاریکراون وچۆنیەتی جێبەجێکردنەکەشی بۆ مرۆڤ بەجێهێڵراوە، و دەچێتە شتە گۆڕاوەکانی ژیانەوە (المتغيرات)، بۆیە دەبێت ئەم بابەتە ڕەچاو بکرێت و لە کاتی وەڵامی پرسیارەکانی خەڵکی و فەتوادان بۆیان گرنگی تەواوی پێبدرێت (القرضاوي، 1434 – 2013،213، الريسوني، 2012، 60).

زانای گەورە ابن القيم (ابن القيم، 1435، 470/3) دەفەرموێت: (هەر کەسێك تەنها بە پێی نوسراوی ناو کتێبەکان و بە بێ ڕەچاوکردنی جیاوازی داب ونەریت وکات وشوێن وشێوەی ژیانی خەڵکی فەتوا بدات ئەوە خۆی گومڕایە و خەڵکیش گومڕا دەکات، تاوانەکەشی لەو پزیشکە خراپترە کە تەنها بە شتە نوسراوەکان چارەسەری خەڵکی دەکات و گوێ بە جیاوازی وڵات و داب و نەریت و شوێن و سروشتیان نادات، ئەم فەتوادەر و پزیشکە زیان بە دین و جەستەی خەڵکی دەگەیەنن). لە فیقهی ئیسلامیشدا ڕەچاوی ئەم باسە کراوە.

**3- شایەتیدانی ئافرەت لە نێوان دەقە شەرعییەکان و کەلەپووردا**

**1-3 دەروازە**

دادپەروەری بەهایەکی سەرەکی مرۆڤایەتییە و داخوازی ئاینە ئاسمانی و دەستکردەکانە و سەرجەمیان هەوڵی چەسپاندن و جێبەجێکردنیان داوە. ئیسلامیش بە هۆی ئەوەی لە لایەن خودای خاوەنی مرۆڤەوە نێردراوە، بنەمایەکی سەرەکی بانگەوازەکەی بووە، خودای گەورە دەفەرموێت: [لَقَدْ أَرْسَلْنَا رُسُلَنَا بِالْبَيِّنَاتِ وَأَنْزَلْنَا مَعَهُمُ الْكِتَابَ وَالْمِيزَانَ لِيَقُومَ النَّاسُ بِالْقِسْطِ] (الحديد: ٢٥)، واتە: بێگومان پێغەمبەرانمان بە بەڵگەی ئاشکراوە ڕەوانە کردووە، کتێب و تەرازوشمان بۆ دابەزاندوون تا خەڵکی بە دادپەروەری ڕەفتار بکەن...)، کەواتە یەکێك لە هۆکارە سەرەکییەکانی ناردنی پێغەمبەران وناردنی کتێبە ئاسمانییەکان دادپەروەرییە، بە هۆی ئەوەی قورئانیش کۆتا پەیامە، خودای گەورە بایەخێکی تەواوی بەم بەها باڵایە داوە و هیچ پێچ و پەنایەکی ژیان نەماوە کە باسی دادپەروەری تێدا نەکردبێت، سەرنجێکی ئەم دەقە پیرۆزانە بدە:

[إِنَّ اللَّهَ يَأْمُرُكُمْ أَنْ تُؤَدُّوا الْأَمَانَاتِ إِلَى أَهْلِهَا وَإِذَا حَكَمْتُمْ بَيْنَ النَّاسِ أَنْ تَحْكُمُوا بِالْعَدْلِ] (النساء 58).

[يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا كُونُوا قَوَّامِينَ بِالْقِسْطِ شُهَدَاءَ لِلَّهِ وَلَوْ عَلَى أَنْفُسِكُمْ أَوِ الْوَالِدَيْنِ وَالْأَقْرَبِينَ إِنْ يَكُنْ غَنِيًّا أَوْ فَقِيراً فَاللَّهُ أَوْلَى بِهِمَا فَلَا تَتَّبِعُوا الْهَوَى أَنْ تَعْدِلُوا] (النساء: 135).

[يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا كُونُوا قَوَّامِينَ لِلَّهِ شُهَدَاءَ بِالْقِسْطِ وَلَا يَجْرِمَنَّكُمْ شَنَآنُ قَوْمٍ عَلَى أَلَّا تَعْدِلُوا اعْدِلُوا هُوَ أَقْرَبُ لِلتَّقْوَى] (المائدة 8).

[إِنَّ اللَّهَ يَأْمُرُ بِالْعَدْلِ وَالْإِحْسَانِ وَإِيتَاءِ ذِي الْقُرْبَى] (النحل 90).

بە پێچەوانەوە دووەم هۆکاری لەناوبردنی گەلانی پێشوو و کۆتایی هێنان بە دەسەڵاتیان دوای بێباوەڕی و هاوبەش بۆ خودا بڕیاردان ستەمکارییە. لەم دەقە پیرۆزانەش ورد بەرەوە:

[وَكَذَلِكَ أَخْذُ رَبِّكَ إِذَا أَخَذَ الْقُرَى وَهِيَ ظَالِمَةٌ] (هود 102).

[وَكَمْ قَصَمْنَا مِنْ قَرْيَةٍ كَانَتْ ظَالِمَةً وَأَنْشَأْنَا بَعْدَهَا قَوْمًا آخَرِينَ] (الأنبياء 11).

[فَكَأَيِّنْ مِنْ قَرْيَةٍ أَهْلَكْنَاهَا وَهِيَ ظَالِمَةٌ] (الحج 45).

کەواتە دەتوانین بڵێین دادپەروەری (العدل) کە ناوێکی خودای گەورەیە یەکێکیشە لە (الكليات) و بنەما گرنگەکانی ئیسلام کە نە لا دەچێت و نە بەتاڵ دەبێتەوە.

یەکێکیش لە پایە سەرەکییەکانی چەسپاندنی دادپەروەری شایەتیدانی دروستە، تا ئەوەی ماف بۆ خاوەن ماف دەگەڕێتەوە و ستەمکاریش بە سزای خۆی دەگات، بۆیە دەبینین لە چەندین ئایەتدا خودای گەورە فەرمانمان پێدەکات شایەتییەکی دادپەروەرانە بدەین، وەك دەفەرموێت:

[وَلَا يَأْبَ الشُّهَدَاءُ إِذَا مَا دُعُوا وَلَا تَسْأَمُوا أَنْ تَكْتُبُوهُ صَغِيراً أَوْ كَبِيراً إِلَى أَجَلِهِ] (البقرة 282) [يَحْكُمُ بِهِ ذَوَا عَدْلٍ مِنْكُمْ] (المائدة 95).

[وَأَشْهِدُوا ذَوَيْ عَدْلٍ مِنْكُمْ] (الطلاق 2).

شایەتیدانیش کارێکی پیرۆز و ئەرکێکی قورسە، بۆیە دەبێت مرۆڤ بە تەواوی ئەرکی سەرشانی جێبەجێ بکات دەنا [وَأَمَّا الْقَاسِطُونَ فَكَانُوا لِجَهَنَّمَ حَطَبًا] (الجن: 15).

لێرەدا نامانەوێت وردەکاری شایەتیدان و مەرجەکانی و چۆنییەتی جێبەجێکردنی باسبکەین، هەموو ئەمانە لە کتێبە فیقهی و یاساییەکاندا باسکراون، تەنها یەکێك لە مەرجەکانی شایەت دەخەینە بەر باس و توێژینەوە، ئەویش بریتییە لە (الذكورة) نێرایەتی بوون، کە لە کتێبە فیقهییەکاندا بە مەرجێکی سەرەکی دانراوە بۆ زۆرێك لە بابەتەکان، ئایا ئەو مەرجە دەقی شەرعی لە سەرە؟ کەواتە بەڵگەکانی بوونی ئەو مەرجە چین؟ یان تەنها تێگەیشتنی زانایانە؟ یان وابەستەی داب و نەریتی کۆمەڵگە و سەردەمی ئەوانە؟ دەمانەوێت بە پوختی باسی ئەو بابەتە بکەین.

**2-3 لە فیقهی ئیسلامیدا شایەتیدانی ئافرەت دەکرێت بە سێ بەشەوە:**

أ. ئەو بوارانەی پەیوەستن بە ئافرەتانەوە و پیاوان هیچ پەیوەندییان پێوەی نیە.

ب. شایەتیدانی ئافرەت لە بابەتی (الحدود و القصاص).

ج. ئەو مەسەلانەی پەیوەستن بە ماڵ و دارایی.

یەکەم: ئەو بابەتانەی پەیوەستن بە ئافرەتانەوە و پیاوان هیچ پەیوەندییان پێوەی نیە

ئەگەر نەڵێین کۆدەنگی زانایانی لە سەرە ئەوە زۆرینەی زۆری زانایان هاوڕان لە سەر ئەوەی کە لەم بابەتانەدا تەنها شایەتی ئافرەت وەردەگیرێت و پیاوان ناتوانن شایەتی تێدا بدەن، ئەو بابەتانەش ئەوانەن کە پەیوەستن بە جەستەی ئافرەت و پیاوان ناتوانن بیبینن، (لەدایکبوونی منداڵ، عەیب وعاری ژنانە، سووڕی مانگانە، دەنگی منداڵ لە کاتی لە دایکبوون، وشیردان) و هەموو ئەو بابەتانەی کە پیاوان ناتوانن هاوبەشی ئافرەتان بن، لێرەدا تەنها شایەتی ئافرەت وەردەگیرێت. (الكاساني، 1406- 1986، 14/4، مالك بن أنس، 1415 – 1994، 94/2، الرافعي، بدون 49/13 ، ابن قدامة، 1388 – 1968، 136/10).

بەڵام لە شیرداندا حەنەفییەکان ڕایان وایە کە پێویستە پیاوێك و دوو ئافرەت بن، چونکە پیاوانیش دەتوانن ئاگاداری شیردانی مناڵ بن. (الكاساني، 1406- 1986، 14/4، المرغيناني، بدون 220/1 ، ابن رشد، 1425 – 2004، 248/4).

هەرچەندە زۆربەی زانایان لەم بابەتەدا هاوڕان بەڵام دەربارەی ژمارەی شایەتەکان ڕاجیان، پێشەوا مالیك (9/4) ڕای وایە کە پێویستە دوو ئافرەت بن، بەڵام شافیعی پێی وایە کە دەبێت چوار کەس بن، چونکە شایەتییەکەیان دوو بە یەکە. (الجويني، 1428 – 2007، 598/18). هەرچی ئیبنوحەزمیشە (ابن حزم، بدون تاريخ، 484/8) دەڵێت: یەك ئافرەت بەسە، و ئەم فەرموودەیە بە بەڵگە دێنێتەوە. (عَنِ ابْنِ جُرَيْجٍ، قَالَ: سَمِعْتُ ابْنَ أَبِي مُلَيْكَةَ، قَالَ: عن عقبة بن الحارث، أو سمعته منه أنه تزوج أم يحيى بنت أبي إهاب، قال: فجاءت أمة سوداء، فقالت: قد أرضعتكما، فذكرت ذلك للنبي صلى الله عليه وسلم، فأعرض عني، قال: فتنحيت، فذكرت ذلك له، قال: «وكيف وقد زعمت أن قد أرضعتكما» فنهاه عنها)، (فەرموودەکە پێشەوا بوخاری بە ژمارە (2659) لە باسی (شهادة الإماء والعبيد)دا گێڕاویەتییەوە).

عوقبەی کوڕی حارس دەڵێت: هاوسەرگیریم لە گەڵ (دایکی یەحیای کچی أبو ئیهاب) کرد، کەنیزەکێکی ڕەش پێست هات وتی: شیرم بە هەردووکتان داوە، منیش ئەوەم بۆ پێغەمبەر (درودی خوای لە سەر بێت) باسکرد، پشتی تێکردم، دووبارە بۆم باسکردەوە، پێغەمبەر فەرمووی: (خۆ ئەو بانگەشەی ئەوەی کردووە کە شیری پێداون) بۆیە ڕێگری کردین بە یەکەوە بمێنینەوە.

دووەم: شایەتیدانی ئافرەت لە بواری (الحدود و القصاص و تەڵاق و نیکاح و ئازادکردنی کۆیلە و ولاء ونسب).

لێرەدا زانایان دەبن بە دوو بەشەوە:

بەشی یەکەم: لە (حدود و قصاصدا) هەموو زانایان جگە لە (حماد وعطاء وابن حزم) نەبێت کۆدەنگن لە سەر ئەوەی کە بە هیچ شێوەیەك و لە هیچ کاتێکدا شایتیدانی ئافرەت وەرناگیرێت. (الكاساني، 1406- 1986، 279/6، مالك بن أنس، 1415 – 1994،2،94/ و 25/4 ، ابن رشد، 1425 – 2004، 248/4 ، الجويني، 1428 – 2007، 596/18 ، ابن قدامة، 1388 – 1968، 10/7 ، ابن حزم، بدون تاريخ، 490/8).

بەشی دووەم: لە (تەڵاق و نیکاح و ئازادکردنی کۆیلە و ولاء ونسب)دا زانایان ڕاجیاییان هەیە، (ربيعة ومالك و شافعی و احمد و ابو ثور) دەڵێن شایەتی ئافرەت وەرناگیرێت. (مالك بن أنس، 1415 – 1994،2،94/ و 25/4 ، الجويني، 1428 – 2007، 596/18 ، الكاساني، 1406- 1986، 279/6، ، ابن رشد، 1425 – 2004، 248/4).)، هەرچی (ابوحنیفە و شعبی و ثوری و اسحاق و اوزاعی و زهری) یە پێیان وایە شایەتییەکەی پەسەندە و وەردەگیرێت، بەڵام بەو مەرجەی دوو ئافرەت لە گەڵ پیاوێکدا بن. (الكاساني، 1406-1986، 279//6، الغيتابي أبو محمد، 1420 هـ - 2000، 432/8).

سێیەم: ئەو مەسەلانەی پەیوەستن بە ماڵ و دارایی

لەو بابەتانەی کە پەیوەستن بە ماڵ و داراییەوە (کڕین و فرۆشتن، وەقف، بەکرێدان، ڕەهن، بەخشین، سوڵح، وەسیەت و تەنانەت ئەو تاوانانەش کە ماڵیان تێدا واجب دەبێت (کوشتنی هەڵە ومافە مەدەنییەکان)، شایەتی ئافرەت وەردەگیرێت بەڵام بەو مەرجەی دوو ئافرەت لە گەڵ پیاوێکدا بن، ئەو زانایانەی لە حدود و قصاصدا شایەتی ئافرەتیان وەرنەدەگرت لێرەشدا تەنها بە مەرجی بوونی پیاوێك شایەتییەکەی وەردەگرن، و شایەتی چوار ئافرەت وەرناگیرێت. ((مالك بن أنس، 1415 – 4،24/1994 ، الجويني، 1428 – 2007، 597/18، ابن قدامة، 1388 – 10،133/1968 ، الكاساني، 1406- 1986، 277/6 ، ابن رشد، 1425 – 2004، 248/4 ، الشوكاني، 1413 - 1993 ، 43-42/7).

**3-3 بەڵگەکانی زانایان**

زانایان چەندین ئایەت و فەرموودەیان وەك بەڵگە هێناوەتەوە، ئەوانەش:

یەکەم ئایەتەکان:

أ. خودای گەورە دەفەرموێت:

[وَالَّذِينَ يَرْمُونَ الْمُحْصَنَاتِ ثُمَّ لَمْ يَأْتُوا بِأَرْبَعَةِ شُهَدَاءَ] (النور 4).

ئەم ئایەتە پیرۆزە بەڵگەیە لە سەر ئەوەی کە شایەتەکان دەبێت نێرینە بن، چونکە:

وشەی (أربعة) ژمارەیە، و ژمارەیەکی مێ (مؤنث)ە، یاسای ژمارەکانیش لە زمانی عەرەبیدا وایە کە ئەگەر ژمارەکە (تاك بوو – لە 3 تا 10) دەبێت پێچەوانەی ژمێردراوەکە (المعدود) بێت، واتە ژمارەکە (مێ) بوو ژمێردراوەکە (نێر) دەبێت، بە پێچەوانەشەوە بۆ نمونە (أربع معلمات و أربعة معلمين) (عباس حسن، 1428 – 2007 /4 404).

لێرەشدا ژمارەکە (أربعة) بۆ مێ بەکارهاتووە، کەواتە دەبێت ژمێردراوەکە (نێر) بێت. (الغيتابي أبو محمد، 1420 هـ - 2000، 104/9).

ب. خودای گەورە دەفەرموێت: [وَاللَّاتِي يَأْتِينَ الْفَاحِشَةَ مِنْ نِسَائِكُمْ فَاسْتَشْهِدُوا عَلَيْهِنَّ أَرْبَعَةً مِنْكُمْ فَإِنْ شَهِدُوا .....] (النساء 15).

ئەم ئایەتە پیرۆزەش بە هەمان شێوەی پێشووتر بەڵگەیە لە سەر ئەوەی کە شایەتەکان دەبێت نێرینە بن، چونکە دەفەرموێت:

1. (أربعة منكم). پێشتر یاساکەمان باسکرد.

2. ڕاناو (ضمير)ی (كم) لە زمانی عەرەبیدا بۆ (نێر) بەکارهاتووە، ئەگەر بۆ (مێ) بوایە دەیوت (كنَّ).

3. وشەی (فإن شهدوا) لە زمانی عەرەبیدا فەرمان (فعل)ە، بۆ کۆی نێر (جمع مذكر)، خۆ ئەگەر بۆ مێ بوایە دەیوت (شهدن)، کەواتە دەبێت شایەتەکان نێر بن.

ج. خودای گەورە دەفەرموێت: [فَإِذَا بَلَغْنَ أَجَلَهُنَّ فَأَمْسِكُوهُنَّ بِمَعْرُوفٍ أَوْ فَارِقُوهُنَّ بِمَعْرُوفٍ وَأَشْهِدُوا ذَوَيْ عَدْلٍ مِنْكُمْ وَأَقِيمُوا الشَّهَادَةَ لِلَّهِ] (الطلاق 2).

لێرەشدا خوای گەورە بە ڕاشکاوی وشەی (ذوى) کە کۆی (ذو) یەکێکە لە پێنج ئیسمەکە (أسماء الخمسة) بە مانای خاوەن (صاحب) دێت بەکارهێناوە کە بەڵگەیە بۆ ئەوەی شایەتەکان دەبێت نێر بن، چونکە ئەگەر بۆ مێ بەکار بهاتایە دوبارە دەیوت (ذواتى).

هەروەها وشەی (أقيموا) بۆ کۆی نێر (جمع مذكر)، بەکار هاتووە.

د. خودای گەورە دەفەرموێت: [وَاسْتَشْهِدُوا شَهِيدَيْنِ مِنْ رِجَالِكُمْ فَإِنْ لَمْ يَكُونَا رَجُلَيْنِ فَرَجُلٌ وَامْرَأَتَانِ مِمَّنْ تَرْضَوْنَ مِنَ الشُّهَدَاءِ أَنْ تَضِلَّ إِحْدَاهُمَا فَتُذَكِّرَ إِحْدَاهُمَا الْأُخْرَى] (البقرة 282).

ئەم ئایەتەش بەڵگەیەکی بەهێزە بۆ ئەوەی کە شایەتیدانی ئافرەت وەرناگیرێت جگە لە ماڵ وسامان.

1. (شهيدين من رجالكم) دوان لە پیاوەکانتان.

2. (فإن لم يكونا رجلين فرجل و امرأتان) پیاوێك و دووئافرەت.

**4-3 دووەم: فەرموودەکان:**

أ. عَنْ عَائِشَةَ أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ (صلى الله عليه و سلم) قَالَ: "لَا نِكَاحَ إِلَّا بِوَلِيٍّ وَشَاهِدَيْ عَدْلٍ".(ئەم فەرموودەیە بەم شێوەیە لە سەحیحی ابن حبان بە ژمارە 4075، و لە المعجم الأوسط طبرانى لە عەبدوڵڵای کوڕی عەبباسەوە بە ژمارە 5564 و هەروەها لە سنن الدارقطنى لە عەبدوڵڵای کوڕی عەبباسەوە بە ژمارە 3521 هاتووە. ابن الملقن لە خلاصة البدر المنير 186/2 دەڵێت: احمد و دارقطنى لە ابن مسعودەوە بە مرفوعى بە ئیسنادێکی بێ هێز گێڕاویانەتەوە، ئەلبانیش التعليقات الحسان على صحيح ابن حبان 196/6 دەڵێت: گێڕانەوەکەی ابن حبان حسن صحيح).

وقال الأشعث بن قيس: قال النبي (صلى الله عليه و سلم): «شاهداك أو يمينه».(فەرموودەكە لە سەحيحی بوخاری بە ژمارە 2669 و لە سەحيحی موسليم بە ژمارە 221 باب دا هاتووە). زانايان دەڵێن: لە هەردوو فەرموودەكە وشەی شاهد بەكارهاتووە، ئەمەش بۆ نێر دەبێت و بۆ مێ نيە.

ب. فَقَالَ النَّبِيُّ (صلى الله عليه و سلم): "يَا هِلَالُ، أَرْبَعَةُ شُهُودٍ وَإِلَّا فَحَدٌّ فِي ظَهْرِكَ". (فەرموودەكە لە سەحيحی ابن حبان بە ژمارە 4451 هاتووە، وئەلبانيش لە التعليقات الحسان 440/6 دەڵێت: صحيح الإسناد).

لەم فەرموودەيەدا كاتێك هيلالی كوڕی ئومەييە تۆمەتی زينای خستە پاڵ خێزانەكەی وهێشتا ئايەتی ليعان نەهاتبووە خوارەوە، پێغەمبەر (درودی خوای لە سەر بێت) پێی فەرموو: ئەی هيلال چوار شايەت بێنە يان حەدی بوختانت لێدەدرێت، لێرەشدا وشەی (أربعة) بەكارهاتووە، و لە پێشتردا ئەمان ڕوونكردەوە.

ج. عَنِ الزُّهْرِيِّ، قَالَ: "مَضَتِ السُّنَّةُ مِنْ رَسُولِ اللَّهِ (صلى الله عليه و سلم) وَالْخَلِيفَتَيْنِ مِنْ بَعْدِهِ: أَلَّا تَجُوزَ شَهَادَةُ النِّسَاءِ فِي الْحُدُودِ". (لە موسەننەفی ابن ابی شيبە لە باسی شايەتيدانی ئافرەت لە (حدود) ژمارە 28714 هاتووە).

لەم ئەسەرەشدا بە ڕوونی ئەوە خراوەتە ڕوو كە لە سەردەمی پێغەمبەر (صلى الله عليه و سلم) و دوو خەليفەی يەكەمی ڕاشيدين شايەتی ئافرەت لە سزاكاندا وەرنەگيراوە.

**5-3 سێيەم: بەڵگەی عەقڵی**

دەڵێن: لە شايەتيدانی ئافرەتدا ئەگەری ئەوە هەيە تووشی لە بيرچوونەوە و تێكەڵكردن ببن ئەوە نيە خودا دەفەرموێت:
[أَنْ تَضِلَّ إِحْدَاهُمَا فَتُذَكِّرَ إِحْدَاهُمَا الأُخْرَى] (البقرة 282)، ئەمەش بەڵگەيە لە سەر ئەوەی ئافرەت ئەگەری لە بيرچوونەوەی زياترە.

هەروەها دەڵێن: سروشتی ئافرەت وايە كەمترين تێكەڵيیان لەو بابەتانە هەيە كە پەيوەستن بە كوشتن و تۆڵەسەندنەوە و ژن مارەكردن و جيابوونەوە، هەروەها خودا دەيەوێت ئافرەتان پارێزراو بكات و دووريان بخاتەوە لەوەی كە شايەتی لە سەر ئەو بابەتانە بدەن كە پێچەوانەی سروشتييەتی.

ئەمانە بەهێزترين ئەو بەڵگانەن كە زانايان بۆ وەرنەگرتنی شايەتيدانی ئافرەت پشتيان پێبەستووە، هەوڵدەدەين لە بەشی دواتردا وەڵاميان بدەينەوە.

تێبينی:

سەبارەت بە شايەتيدانی دوو ئافرەت لە بەرامبەر يەك پياودا زانايان پشتيان بە ئايەتەكەی سوڕەتی (البقرة) و فەرموودەيەك بەستووە، كە لە بەر درێژە نەدان بە باسەكە ناتوانين باسی بكەين، بەڵگەكانيش:

أ. خودای گەورە دەفەرموێت:

[وَاسْتَشْهِدُوا شَهِيدَيْنِ مِنْ رِجَالِكُمْ فَإِنْ لَمْ يَكُونَا رَجُلَيْنِ فَرَجُلٌ وَامْرَأَتَانِ مِمَّنْ تَرْضَوْنَ مِنَ الشُّهَدَاءِ أَنْ تَضِلَّ إِحْدَاهُمَا فَتُذَكِّرَ إِحْدَاهُمَا الأُخْرَى] (البقرة 282).

لەم ئايەتە پيرۆزەدا خودای گەورە بە ڕاشكاوی باسی ئەوەی كردووە كە دوو شايەتی پياو ئامادە بكەن يان پياوێك و دوو ئافرەت، ئەمەش ئەوە دەگەيەنێت كە شايەتی ئافرەت تەنها كاتێكە كە لە بری پياوێك دوو ئافرەت بن.

ب. عن أبي سعيد الخدري، قال: رسول الله (صلى الله عليه و سلم): «أليس شهادة المرأة مثل نصف شهادة الرجل؟» (فەرموودەكە لە سەحيحی بوخاری بە ژمارە 2658 لە باسی شايەتيدانی ئافرەتاندا هاتووە).

ئەبووسەعيدی خودری دەڵێت: پێغەمبەر (دروودی خوای لە سەر بێت) فەرمووی:(ئايا شايەتی ئافرەت نيوەی پياو نيە؟).

4/ گفتۆگۆ و پێداچوونەوە:

لە پێشتردا بەڵگەكانی زانايانمان خستە ڕوو، لەم بەشەشدا هەوڵ دەدەين وەڵامەكان بخەينە ڕوو.

4-1 لە ڕووی زمانەوانييەوە:

ئەو قسانەی سەبارەت بەوە دەكرێن كە دواندن (خطاب) لە ئايەتەكاندا ڕووی لە نێر كردووە نەك مێ، پێچەوانەی راستييە، لە بەر ئەم هۆكارانەی خوارەوە:

أ. زۆرينەی زانايانی ئوسوڵی فيقە هاوڕان لە سەر ئەوەی كە ئەگەر دواندن (خطاب)ێكی شەرعی لە قورئان يان فەرموودەيەك هات بە وشەی نێر بوو، هيچ بەڵگەيەكمان نەبوو كە تايبەت(تخصيص)ی بكات بە نێر، ئەوە بۆ گشتی (عام) بەكار دێت و نێر و مێ تيايدا هاوبەشن. (الزركشی، البحر المحيط 178/3 - 180). لەمەشدا ئوسوڵييەكان و تەنانەت نەحوزانەكانيش هيچ جياوازييان نيە، چونكە ئەمە ياسای زمانەوانی زمانی عەرەبيە و پەيوەندی بە قوڕئانەوە نيە، لە زمانی عەرەبيدا جگە لە نێر و مێ هيچی ترمان نيە، بۆيە كاتێك نێر و مێ بە يەكەوە بن ئەوە تەنها بە وشەی (مذكر) دەياندوێنين، چونكە هەموو شتەكان لە بنەڕەتدا نێرن دوايی تايبەت

کراون بە توێژێکی تایبەتەوە،(سیبویە، الكتاب 241/3). نەحوزانەکان دەڵێن: (كان العرب يكثر عندهم تغليب المذكر على المؤنث، كقولهم: "القمران" في الشمس والقمر - ولو كان أقل عدداً من المؤنث، مثل: محمود والزينبات متعلمون)، (عباس حسن، 1428 – 2007 (الهامش رقم 10) (1/ 102 – 103).

واتە: عەرەب زاڵکردنی نێریان بە سەر مێدا هەیە هەرچەندە ژمارەی مێ زۆرتر بێت، بۆ خۆر و مانگ دەڵێن (القمران)، خۆر مێیە و مانگ نێرە. بۆیە دەبینین لە دەستوور و یاساکانیشدا هەمان ڕێباز پەیڕەو دەکرێت، مەگەر ئەو یاسایانە نەبێت کە تایبەتن بە چین و توێژێکەوە.

لە سەر ئەو بنەمایەش ئیبنولقەیم لە (إعلام الموقعين 173/2) دەڵێت: (قد استقر في عرف الشارع أن الأحكام المذكورة بصيغة المذكرين إذا أطلقت ولم تقترن بالمؤنث فإنها تتناول الرجال والنساء؛ لأنه يغلب المذكر عند الإجتماع).

واتە: (لە دابی شارعدا ئەوە چەسپاوە کە هەموو ئەو حوکمانەی بە وشەی نێر باسکراون و لە گەڵیدا مێ باسنەکراوە، پیاوان و ئافرەتانیش دەگرێتەوە، لە بەر ئەوەی لە کاتی کۆبوونەوەی نێر و مێدا نێر زاڵ دەکرێت).

ب. هەر لەو ئایەتانەدا کە زانایان کردوویانەتە بەڵگەی وەرنەگرتنی شایەتی ئافرەت دواندنەکان بۆ نێرن کەچی خۆیان دەڵێن ئافرەتانیش دەگرێتەوە: [وَالَّذِينَ يَرْمُونَ الْمُحْصَنَاتِ ثُمَّ لَمْ يَأْتُوا بِأَرْبَعَةِ شُهَدَاءَ] (النور 4). دەڵێن (يرمون) بۆ نێر بەکارهاتووە، (المحصنات) بۆ مێ، واتە ئەو پیاوانەی ئافرەتانی داوێنپاك تۆمەتبار دەکەن، بەڵام باسی تۆمەتبارکرانی پیاو نەکراوە، لە گەڵ ئەوەشدا زانایان دەڵێن: ئەو ئافرەتانەی پیاوانی داوێنپاکیش تۆمەتبار دەکەن هەر هەمان حوکمیان هەیە کە لە ئایەتەکەدا باسکراوە، پێشەوا فەخری ڕازی لە تەفسیرەکەیدا (324/23) دەڵێت: (الْإِجْمَاعُ دَلَّ عَلَى أَنَّهُ لَا فَرْقَ فِي هَذَا الْبَابِ بَيْنَ الْمُحْصَنِينَ وَالْمُحْصَنَاتِ)، واتە: (بە بەڵگەی ئیجماع لێرەدا جیاوازی لە نێوان پیاوانی داوێنپاك و ئافرەتانی داوێنپاکدا نیە). تەنها ئەوەندە هەیە ئافرەتان زەرەرمەندتر دەبن لە پیاوان، بۆیە ئەوان باسکراون. کەواتە ناکرێت بەشێکی ئایەتەکە (نێرومێ) تیایدا هاوبەش بن، بەڵام بەشی دووەمی تەنها تایبەت بێت بە لایەنێکیانەوە.

بە هەمان شێوە دوو ئایەتەکەی تریش (وأشهدوا ذوى عدل منكم)، (فاستشهدوا عليهن أربعة منكم)، لە ئایەتەکەی سوورەتی (البقرة)ش بە هەمان شێوە (آمنوا، فاكتبوه) نێرومێ تیایدا بەشدارن، تەنها جیاوازییەك کە دەبێت سەرنجی بدرێتێ ئەوەیە ڕێژەی زۆری ئەو کەسانەی بازرگانی دەکەن (بە ئێستاشەوە) پیاوانن، بۆیە خودا ئەوانی تایبەت (تخصيص) کردووە، وەك چۆن لە (يرمون المحصنات) بە هۆی زیاتر زەرەرمەندبوونی ئافرەتانەوە ئەوان باسکراون.

ج. زۆرێك لە حوکمە شەرعییەکان هەر بە وشەی نێرن، وەك: (يا أيها الذين آمنوا، أقيموا الصلاة، آتوا الزكاة، ليطوفوا، ينفقون و اركعوا و ... هتد)، وەك ئیبنولقەیمی جەوزی (مفتاح دار السعاده 22/2) دەڵێت: (وَلَو كَانَ هَذَا فِي الْقُرْآن وَالسّنة فِي نَحْو مائَة مَوضِع أَو مِائَتَيْنِ لسقناها وَلكنه يزِيد على ألف مَوضِع بطرق متنوعة)، واتە ئەگەر لە قورئان و سوننەتدا لە سەد شوێن یان دووسەد شوێن وابوایە باسمان دەکرد، بەڵام زیاتر لە هەزار جار بە شێوازی جیا جیا هاتووە.

بۆیە یان دەبێت بڵێین ئافرەتان نوێژ و ڕۆژوو و زەکات و هتد هیچیان لە سەر پێویست نیە، چونکە هەمووی بە وشەی نێر باسکراوە، یان ئەوەی هەردووکیان هاوبەشن هەرچەندە وشەکە بە شێوەی تایبەتیش بێت.

د. سەبارەت بە فەرموودەکانیش جگە لەو ئەسەرەی ئیمامی زوهری گێڕاویەتییەوە هیچ دەقێکی تریان بە ڕاشکاوی باسی وەرنەگرتنی شایەتیدانی ئافرەتانی نەکردووە، تەنها ئەوەندە دەڵێن(أربعة شهود، شاهدى عدل، شاهداك) بۆ نێر بەکارهاتوون، وەڵامەکانی پێشووتر ئەمانیش دەگرێتەوە.

**2-4 سەبارەت بە فەرموودەکەی ئیمامی زوهری:**

فەرموودەکە لە ڕووی سەنەدەوە لاوازە و پشتی پێنابەسترێت ونابێتە بەڵگەیەکی بەهێز، پێشەوا ئەلبانی لە (الألباني، 1405 – 1985، 8/ 296) دەڵێت: (لاوزە)، ئەو گێڕانەوەیەش کە لە (ابن أبى شيبة)دا هاتووە ڕشتە(سەندە)کەی دروستە بەڵام قسەی زوهری خۆیەتی و مەرفوع نیە.

**3-4 لە ڕوانگەی مەبەستە شەرعییەکانە:**

زانایان دەڵێن: (بۆیە شایەتی ئافرەت وەرناگیرێت چونکە خودا دەیەوێت ئافرەتان لە سوکایەتی بپارێزێت وتێکەڵی ئەم جۆرە ڕووداوانە نەبن ، یان ئافرەتان زیاتر تووشی لە بیرچوونەوە دەبن).

ئەم قسەیە لە ڕوالەتدا بەهێز دەردەکەوێت، بەڵام پێچەوانەکەی ڕاستە: چونکە:

أ. كاتێك باسی شایەتی دەكەین جگە لەو ئایەتەی سوورەتی (البقرة) دوای ڕووداوەكەیە، لێرەشدا پاراستنی ماف و بەرژەوەندییەكان گرنگترن، بۆیە دەبینین خودا تەنها مەرجی (عدل) دادەنێت كە مەبەستی پاراستنی مافەكانە، نەوەك (ڕەگەز – نێر/مێ)، یان هەر مەرجێكی ڕواڵەتی تر، بۆیە دەبینین زانایەكی وەك ئیبنولقەیم (ابن القیم، 1435 171/2) دەفەرموێت: (فَإِنَّ الشَّارِعَ فِي جَمِيعِ الْمَوَاضِعِ يَقْصِدُ ظُهُورَ الْحَقِّ بِمَا يُمْكِنُ ظُهُورُهُ بِهِ مِنْ الْبَيِّنَاتِ الَّتِي هِيَ أَدِلَّةٌ عَلَيْهِ وَشَوَاهِدُ لَهُ، وَلَا يَرُدُّ حَقًّا قَدْ ظَهَرَ بِدَلِيلِهِ أَبَدًا فَيُضَيِّعُ حُقُوقَ اللَّهِ وَعِبَادِهِ وَيُعَطِّلُهَا...)، واتە: (شارع (یاسا دانەر) لە هەموو شوێنێك مەبەستی دەركەوتنی ڕاستییەكانە بە هۆی ئەو بەڵگە و شایەتانەی لە بەر دەستدان، هیچ مافێكیش ڕەتناكاتەوە كە بە بەڵگە ئاشكرا بووبێت بۆ ئەوەی مافی خودا و بەندەكانی نەفەوتێت).

كەواتە ناكرێت لە شوێنێك كەسێك دەكوژرێت یان دزییەك دەكرێت بڵێین شایەتەكان ئافرەتن بۆیە تاوانەكە ناچەسپێت، بە تایبەت لەو شوێنانەی كە زۆرینەی ئافرەتە یان تەنها ئافرەتی لێیە؟ ئەمە لە گەڵ كوێی شەرعدا یەكدەگرێتەوە؟

زانایان و یاساناسانیش شایەتی شایەتحاڵ بە باشتر و وردتر دەزانن لە شایەتی دادپەروەر، ئەوەتا ئیمامی مالیك دەربارەی شایەتی منداڵ دەڵێت: (شایەتی مناڵ لە سەرخۆیان لە كوشتن و برینداركردندا پێش جیابوونەوەیان لە یەكتر، یان خۆشاردنەوەیان، یان تێكەڵبوونی كەسی گەورە لە گەڵیان دروستە ئەگەر دووان یان زیاتر شایەتییان دا)، (مالك بن أنس، 1415 – 1994، 26/4) ، خۆ دەگونجێت لەو مندااڵنەدا كچی بچوكیشی تێدا بێت، باشە بە چ لۆژیكێك شایەتی مناڵ لە هی ئافرەتی عاقڵ ڕاسترە؟

بۆیە ئیمامی ئیبنولقەیم (ابن القیم، 1435، 180/2 – 181) دەفەرموێت: (لە شوێنی پێویستیدا شایەتەكان وەردەگیرێن، وەك شایەتیدانی ئافرەت لە كاتی ئاهەنگ و حەمام و شوێنی تایبەت بە خۆیان، بەدڵنیاییەوە شایەتی خۆیان لە پێشترە وەك لە دوو پیاو كە لەوێ ئامادە نەبوون، خۆ ئەگەر شایەتییان وەرنەگیرێت مافی خاوەن ماف دەفەوتێت، لە كاتێكدا (تەواو لێی دڵنیاین یا زۆرترین گومانی ڕاستمان لێی هەیە)، چونكە ئەو گومانەش كە لە شایەتییەكەی خۆیانەوە وەریدەگرین لەوە زیاترە كە لە شایەتی دوو پیاو وەریدەگرین، ناتوانرێت نكوڵی لەمە بكرێت).

ب. زانایانی ئوسوڵی فیقە دەڵێن: مرۆڤ پیاو بێت یان ئافرەت لە ڕوانگەی شەرع و یاساوە كاتێك كارەكانی دروستە كە شیاو بێت ئەمەش پێی دەوترێت (أهلیة)، ئەوەش دوو جۆرە، (أهلیة الوجوب و أهلیة الأداء)، یەكەمیان (أهلیة الوجوب) ئەو مافانەی بۆ دەستەبەر دەكات كە لە زەرەر یان قازانجیەتی، بە ژیان دەست پێدەكات و بە مردن كۆتایی دێت، بەڵام دووەمیان (أهلیة الأداء) توانای پێدەدات هەر كارێكی دروست ئەنجام بدات و بەرهەمی هەبێت بۆ خۆی بێت یان بۆ خەڵك وەك مامەڵەكردن، كەفالەت، بریكاری، شایەتیدان و هتد. بنەمای سەرەكی (أهلیة الأداء) بریتییە لە عەقڵ، هەر كەسێك عاقڵ بێت دەبێتە خاوەنی (أهلیة الأداء)ی تەواو، بەربەست وڕێگرەكانی بەردەمیشی بریتین لەو شتانەی نایهێڵێت وەك (خەوتن و شێتی و لەهۆش خۆچوون)، یان كەمی دەكاتەوە وەك (كەم عەقڵی، سووری مانگانە و ...هتد) (الخلاف، 1423 – 2003، 158 - 162، أبو زهرة، 1427 – 2006 ، 299 – 327).

بۆیە ئەم بابەتەم لێرەدا باسكرد تا ئەوەی بڵێم هیچ یەكێك لە هۆكارەكانی نەمانی (أهلیة الأداء) مێینەیەتی بوون نییە تا بڵێین شایەتیدانی ئافرەت كەم دەكات یان نامێنێت، لە كاتێكدا زانایان توانای وەرگرتنی شایەتیدانیان لە زۆرێك لە بابەتەكان لە ئافرەت وەرگرتۆتەوە.

ج. مەبەست لە شایەتیدان لە ئیسلامدا بریتییە لە گێڕانەوەی مافی كەسێك، یان دڵنیا بوون و چەسپاندنی مافی خاوەن مافێك، بۆیە زانایان دەڵێن: مەرجە ئەو كەسەی شایەتی دەدات دادپەروەر بێت. (ابن عاشور، 1438 – 2016، 540)، قورئانیش گرنگی تەواوی بەم تایبەتمەندییە داوە، وەك دەفەرموێت:

(وَإِذَا قُلْتُمْ فَاعْدِلُوا وَلَوْ كَانَ ذَا قُرْبَىٰ) الانعام152، یان دەفەرموێت: (وَأَشْهِدُوا ذَوَيْ عَدْلٍ مِنْكُمْ) الطلاق 2، كەواتە دادپەروەری خاڵی جەوهەرییە و هیچ مەرجێكی تر دیاری نەكراوە، تەنها لە ئایەتی قەرزدا نەبێت كە دەفەرموێت: (وَاسْتَشْهِدُوا شَهِيدَيْنِ مِنْ رِجَالِكُمْ فَإِنْ لَمْ يَكُونَا رَجُلَيْنِ فَرَجُلٌ وَامْرَأَتَانِ مِمَّنْ تَرْضَوْنَ مِنَ الشُّهَدَاءِ) البقرة 282)، دوو پیاو یان پیاوێك و دوو ئافرەت بكەن بە شایەت، بە تێڕامان و وردبوونەوە لە ئایەتەكە دەردەكەوێت كە ئامادەكردنی دوو شایەت لە بەردەم دادوەرو دادگادا نیە، بەڵكو داواكارییەكە ئاراستەی كەسێك كراوە كە دەیەوێت شایەت ئامادە بكات بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەكانی خۆی كە لە فیقهدا پێی دەوترێت (التحمل)، ئەمەش لە وشەی (استشهدوا) وەردەگیرێت، بەڵام باسی (أداء)ی شایەتی تیا نیە و دادوەر دەتوانێ بە ئامادەبوونی پیاوێك و یەكێك لە دوو ئافرەتەكە لە دادگا بڕیار بدات، چونكە سەرەڕای لە بیرچوونەوە لای ئافرەتان (بە هۆی نەشارەزایی وسەرقاڵ نەبوونیان بە بابەتی مامەڵە و بازرگانییەوە)، زۆرجار لە لایەن باوك و برا و هاوسەرەوەكانیانەوە ڕێگرییان لێدەكرێت ئامادەی دادگا بن، ئەمەش دەبێتە هۆی فەوتانی مافەكانی خاوەن ماف، بەڵام ئەم گرفتە بۆ پیاوان نایەتە پێشەوە، زانای

گەورە ئیبنولقەیم هەمان بۆچوون دووپات دەکاتەوە، وەدەڵێت (تحمل) شتێکە و (أداء) شتێکی ترە (ابن القیم، 1435، 172/2 و 396/1)، هەروەها دەڵێت (ابن القیم، 1435، 179/2): (ئەو ڕێگایانەی دادوەر دەیگرێتە بەر لەوانە فراوانترن کە خودا ڕێنوێنی کەسی خاوەن ماف دەکات بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی).

هەر لە (ابن القیم، 1435، 95/1) دەڵێت: (قال شیخنا قدس الله روحه: ..... أن المرأتين إنما أقيمتا مقام الرجل في التحمل لئلا تنسى إحداهما، بخلاف الأداء فإنه ليس [في] الكتاب ولا في السنة أنه لا يحكم إلا بشهادة امرأتين، ولا يلزم من الأمر باستشهاد المرأتين وقت التحمل ألا يحكم بأقل منهما). واتە: (مامۆستاکەم کە مەبەستی ئیبنو تەیمییەیە فەرموویەتی: (دوو ئافرەت بۆ شایەتی بە مەرج گیراوە لە کاتی (تحمل)ی شایەتیدا بۆ ئەوەی یەکێکیان بیری نەچێتەوە، بەڵام لە کاتی (أداء)ی شایەتیدا هیچ دەقێك لە قورئان و سوونەتدا نیە کە فەرمانمان پێبکات کە دەبێت دوو ئافرەت ئامادە بن).

د. ئەو (نقص)ەی لە فەرموودەکەی پێغەمبەردا (صلى الله عليه و سلم) باسیکراوە زانایان بە (نقص طارئ) لێکیانداوەتەوە، بەو مانایەی کە دەگونجێت بە هۆی بارودۆخ و ژینگە و بەشدارینەکردنی لە کایەکانی ژیاندا تووشی ببێت، نەك ئەوەی کە بە سروشتی ئافرەت هەیبێت (ابن القیم، 1437 400/1)، چونکە ئایەتەکەش ئەمە ڕەتدەکاتەوە [أَنْ تَضِلَّ إِحْدَاهُمَا فَتُذَكِّرَ إِحْدَاهُمَا الْأُخْرَى] (البقره 282)، ئەگەر سروشتی ئافرەت بە شێوەیەك بوایە هیچی بیرنەمێنێت ئەوە بە ئافرەتێك و دووان و سیان و دەیانیش بیری نەدەکەوتەوە، چونکە لە بنەڕەتەوە نەدەبوو هیچیان بیزانن، مەرجیش نیە کاتێك ئافرەتی دووەم بیری دەخاتەوە یەکەم بیری بکەوێتەوە. (ابن القیم، 1437 398/1).

بۆیە بەدرەددینی عەینی حەنەفی دەفەرموێت: (قیاس وایە شایەتی ئافرەت وەرگیراو بێت، بەڵام بۆیە وەرناگیرێت تا زۆر لە ماڵ دەرنەچن و زۆر دەرنەکەون، چونکە زۆر چوونە دەرەوە قەدەغە کراوە)،( الغيتابي أبو محمد، 1420 هـ - 2000 108/9).

هـ. وەرنەگرتنی شایەتی ئافرەتان پێچەوانەی سوننەتی پێغەمبەرە (صلى الله عليه و سلم)، دەبینین لە کاتی ڕووداوی (إفك)دا کاتێك بوختان بۆ دایکی ئیمانداران (عائیشە) دەکرێت و پاش ئەوەی وەحی دواکەوت پێغەمبەر (صلى الله عليه و سلم) بانگی ئوسامەی کوڕی زەید و عەلی کوڕی ئەبوتاڵیب (ڕەزای خودایان لە سەر بێت) دەکات و پرسیاریان لێدەکات، دوای وەڵامدانەوە، عەلی کوڕی ئەبوتاڵیب پێشنیار دەکات وەدەڵێت پرسیار لە کەنیزەکەی عائیشە بکە ڕاستیت پێدەڵێت، پێغەمبەر دروودی خوای لە سەر بێت بانگی (بريره) -(کەنیزەکێك بوو دایکی ئیمانداران عائشە کڕیی دواتر ئازادی کرد - (ابن عبد البر، 1412 - 1992 1795/4) - دەکات و دەفەرموێت: (هیچ شتێکت لە عائیشە بینیوە گومانت لێی هەبێت؟) ...... دواتر پێغەمبەر دروودی خوای لە سەر بێت: لە سەر وەڵامەکەی بریرەوە چووە ناو هاوەڵەکانی و فەرمووی: (جگە لە خێر هیچم لە خێزانەکەم نەبینیوە) (فەرموودەکە ئیمامی بوخاری بە ژمارە (2678) گێڕاویەتییەوە)، باشە پێغەمبەر (صلى الله عليه و سلم) بۆ خۆی ئەزیەت دەدات وهەر یەکجار بە عەلی کوڕی ئەبوتاڵیبی بوتایە وتە و شایەتی ئافرەت وەرناگیرێت.

لەوانەیە هەندێك بڵێن ئەمە شایەتیدان نیە بەڵام هەر لە بوخاریدا ئەم فەرموودەیەی لە بابی (إذا شهد شاهد، أو شهود بشيء، وقال آخرون: ما علمنا ذلك، يحكم بقول من شهد) هێناوە (بۆ ئەوەی باسی ئەوە بکات شایەتەکە پیاوە یان ئافرەت) ئیمامی بوخاری دەفەرموێت: (بە قسەی شایەتەکە دەکرێت) ئەوەش دەقی فەرموودەکەیە : (عن عقبة بن الحارث، أنه تزوج ابنة لأبي إهاب بن عزيز، فأتته امرأة فقالت: قد أرضعت عقبة، والتي تزوج، فقال لها عقبة: ما أعلم أنك أرضعتني، ولا أخبرتني، فأرسل إلى آل أبي إهاب يسألهم، فقالوا: ما علمنا أرضعت صاحبتنا، فركب إلى النبي (صلى الله عليه و سلم) بالمدينة، فسأله، فقال رسول الله (صلى الله عليه و سلم): «كيف وقد قيل»، ففارقها ونكحت زوجا غيره) (سەحیحی بوخاری ژمارە (2657). واتە: عوقبەی کوڕی حارس دەڵێت: (هاوسەرگیریم لە گەڵ کچەکەی ئەبوئیهاب کرد، ئافرەتێك هات وتی: شیرم بە عوقبە وژنەکەشی داوە، عوقبە پێی وت: وا نازانم شیرت پێدابم و هەواڵیشت نەداومەتێ، کەسێکیان نارد بۆ لای خزمەکانی ئەبوئیهاب، وتیان وانازانین شیری بە خزمەکەی ئێمە دابێت، عوقبە خۆی چووە مەدینە بۆ خزمەت پێغەمبەر دروودی خوای لە سەر بێت و پرسیاری کرد، لە وەڵامدا پێغەمبەر پێی فەرموو (جا خۆ ئەو وتویەتی)! عوقبە وازی لەو ئافرەتە هێنا و ژنێکی تری مارە کرد.)

خۆ ئەمە هیچ گومانێك هەڵناگرێت کە شایەتییەکەی ڕەتنەکردۆتەوە، لە گێڕانەوەیەکی تری هەمان فەرموودەدا هەر ئیمامی بوخاری ئەمجارە لە بابێکی تردا و لە ژێر ناونیشانی (باب شهادة الاماء و العبيد) فەرموودەکە دەهێنێت بەڵام لە بری (فأتته إمرأة) دەڵێت: (فجاءت أمة سوداء) (سەحیحی بوخاری ژمارە (2676)، بەڵام لە هیچیاندا شایەتییەکە ڕەتنەکراوەتەوە، بەڵکو وەرگیراوە و کاریگەریشی هەبووە. لە هەردوو گێڕانەوەکەشدا شایەتەکە ئافرەتە و یەك کەسیشە.

و. جێی خۆیەتی ئاگادار بین وتێبینی ئەوە بکەین دەگونجێت زانایان هۆکاری وەرنەگرتنی شایەتیی ئافرەتیان بۆ ئەوە گەڕاندبێتەوە کە ئافرەت کەمترین توانای خۆڕاگرتن و بەرگەگرتنی هەندێك ڕووداوی وەك کوشتنی هەیە چونکە هەستیاری زۆرترە، زۆربەی ئافرەتان

لەو کاتەدا بە هۆی گریان وچاونوقاندن و ڕاکردنەوە بە تەواوەتی ئاگاداری ڕووداوەکە نابن، شایەتیش دەبێت بە بینین و بیستن بە تەواوی شایەتی ڕووداوەکە بێت. (القرضاوي، 1434 – 2013، 320).

ز. دەتوانین بڵێین داب ونەریت کاریگەری لە سەر بابەتی شایەتیدانی ئافرەت هەبووە، وەك لە پێشتریشدا ئەم بابەتەمان لە قسەی زانایاندا ڕوونکردەوە.

دەگونجێت ئەوەش بڵێین لە ئەگەری بەهێزبوون و ڕاستبوونی فەرموودەکەی زوهریدا بۆ ئەم لایەنە بگەڕێتەوە، چونکە ئافرەتان لە سەرەتای هاتنی ئیسلامدا و لە بواری شایەتیداندا لە نێو کۆمەڵگەی عەرەبیدا بەوشێوە بەرفراوانەی ئێستا چالاکییان نەبووە، بەڵام لە ئێستادا دەورێکی باڵایان هەیە و لە زۆر شوێندا تەنها ئافرەتان کارەکە بەڕێوە دەبەن، وەکو زۆرێك لە خوێندگەکانی تایبەت بە کچان و بەشەناوخۆییەکانیان و نەخۆشخانەکانی تایبەت بە ژنان و ئاهەنگەکانیان و هتد، بە وەرنەگرتنی شایەتی ئەمانە لە کاتی ڕووداوێکدا مافی چەند کەس دەفەوتێت و پێشێلدەکرێت؟ دەکرێت وەك زۆرێك لەو حوکمە شەرعییانەی کە بنەمای سەرەکییان داب و نەریتی خەڵکە گۆڕانکاری بەسەردا بێت، بۆ نموونە:

فەرموودەیەکمان هەیە دەفەرموێت: (لا تجوز شهادة بدوي على صاحب قرية) (فەرموودەکە ئیبنوماجە بە ژمارە (2367) وئەبوداود بە ژمارە (3602) گێڕاویانەتەوە، ئەلبانیش ئەم فەرموودەیەی بە سەحیح داناوە)، لە سەر ئەم دەقە پیرۆزە چەندین حوکمی شەرعی بونیاتنراوان، لەوانە ئیمامی مالیك دەفەرموێت: (دروست نیە دەشتەکی پێشنوێژی بۆ خەڵکی شار بکات هەرچەندە قورئانیش زیاتر بزانێت) (القرضاوي، بدون 43).

یان هەندێك لە زانایان دەڵێن شایەتی پیاوێك وەرناگیرێت لە ڕێگادا نان بخوات، یان سەری ڕووت کردبێت، لە کاتێکدا لەم سەردەمەکەی ئێمەدا سەرڕووتکردنی پیاوان نیشانەی نەهێشتنی عەدالەت نیە و زۆر ئاساییە.

ح. هەندێك لە زانایان دەڵێن هۆکاری وەرنەگرتنی شایەتی ئافرەت لە کاتی ڕوودانی زینادا لە بەر ئەوەیە: (ئافرەت بۆی نیە سەیری شەرمگەی پیاوان و ژنان بکات)، ئەمەش قسەیەکی بێ بنەمایە، چونکە بە هەمان شێوەی ژن پیاویش بۆی نیە سەیر بکات، سەیرکردنەکەش لە بەر بینینی کتوپڕە نەوەك بەرنامە بۆ دارێژراو.

ط. وەرنەگرتنی شایەتیدانی ئافرەت لە بوارەکانی (حدود و قصاص و نکاح و تەڵاق و ....) زادەی تێگەیشتنی زانایانە بۆ دەقە شەرعییەکان لە ڕوانگەی داب ونەریت وسەردەمی خۆیانەوە، وهیچ بەڵگەیەکی شەرعی ڕاشکاومان نیە ئاماژە بەوە بدات ئافرەت شایەتی لێوەرناگیرێت، وەك بانگەشەش دەکرێت کۆدەنگی زانایانی لە سەر نیە وعطاء کوڕی ئەبورەباح شایەتی ئافرەتی وەرگرتووە، وەك دکتۆر یوسف قەرزاویش دەڵێت (أن هذا الحكم غير مجمع عليه، فمذهب عطاء من أئمة التابعين الأخذ بشهادة النساء) (القرضاوي، 1434 – 2013، 321)، کەواتە ڕای پەسەند ئەوەیە شایەتی ئافرەتانی دادپەروەر وەردەگیرێت، (الصحيح أن تعتبر شهادتهن ما دمن عادلات ضابطات واعيات) پێویستە ئەوە بزانین وشیاری تەواو بۆ پیاو و ئافرەت گرنگە، بەڵام بۆ ئافرەت بە هۆی سروشتییەوە گرنگترە.

ئەمە تەنها قسەی قەرزاوی نیە بەڵکو پێش ئەویش ئیبنوحەزم لە کتێبی (بدون488/8) باسیکردووە و دەڵێت: (بضرورة العقل يدري كل أحد: أنه لا فرق بين امرأة وبين رجل، وبين رجلين، وبين امرأتين، وبين أربعة رجال، وبين أربع نسوة، في جواز تعمد الكذب والتواطؤ عليهم، وكذلك الغفلة - ولو حينا - إلى هذا، لكن النفس أطيب على شهادة ثماني نسوة منها على شهادة أربعة رجال).

واتە: بە تێگەیشتنی عەقڵی هەموو کەس دەزانێت هیچ جیاوازییەك لە درۆکردن و ڕێککەوتن لە سەر درۆ و بێئاگایی بوونی کاتی لە نێوان ئافرەتێك و پیاوێك یان دوو پیاو و دوو ئافرەت یان چوار پیاو و چوار ئافرەت نیە، بەڵام دەروون بەوە ئاسوودە دەبێت کە لە جێی چوار پیاو هەشت ئافرەت شایەتی بدات. ئەمەش سەلمێنەری ئەو ڕاستییەیە کە ئەم بابەتە ئیجتیهادی زانایانە و دەکرێت جارێکی تر ئیجتهادی تێدا بکرێتەوە.

هەروەها ئیبنوتەیمیەش هەمان ڕای هەیە، بەڵکو زۆر ڕاشکاوانەتر دەڵێت (1418، 166/2): (فإنه لا نص ولا إجماع ولا قياس يمنع شهادة النساء في مثل ذلك وليس في الكتاب والسنة ما منع شهادة النساء في العقوبات مطلقا)، واتە: (نە دەقی شەرعی و نە کۆدەنگی زانایان و نەقیاسێکمان نیە کە ڕێگر بێت لە شایەتیدانی ئافرەت، لە قورئان و سوننەتیشدا هیچ بەڵگەیەکمان نیە ڕێگر بێت لە شایەتی ئافرەت لە سزاکاندا). ئەمە ڕای زانای گەورەی کورد (مەلا موحەممەدی کۆیی –مەلای گەورە-) بووە وەك (دکتۆر جەمال موحەمەد باجەلان) لە کتێبی (المرأة فى الفكر الاسلامى 281، ئاماژەی پێداوە - دکتۆر باجەلان لە کتێبی (حاجی قادری کۆیی نوسینی مەسعوود موحەمەد) وەریگرتووە، هەرچەندە دکتۆر بە ڕەهایی باسیکردووە، بەڵام بە گەڕانەوە بۆ سەرچاوە سەرەکییەکە دەردەکەوێت کە مامۆستا مەسعود محەمەد دەڵێت: (باوکم شایەتی ئافرەتی وەرگرتووە)، بەڵام بوارەکەی دیارینەکردووە). ئەمە ڕای د.نیزامەددین عەبدولحەمیدیشە لە توێژینەوەی ماستەرەکەی (عبدالحميد، نظام الدين، 1395- 1975 141).

### 5- ژێدەر وسەرچاوەكان


1. ابن أبي شيبة، الكتاب المصنف في الأحاديث والآثار، المحقق: كمال يوسف الحوت، مكتبة الرشد – الرياض، الطبعة: الأولى، 1409.
2. ابن القيم، إعلام الموقعين عن رب العالمين، تحقيق: مشهور بن حسن آل سلمان، دار ابن الجوزي – السعودية، ط3، 1435ه.
3. ابن القيم، الطرق الحكمية في السياسة الشرعية، تحقيق: نايف بن أحمد الحمد، دار عالم الفوائد - مكة المكرمة، ط3،1437 هـ
4. ابن القيم، مفتاح دار السعادة و منشور ولاية أهل العلم والارادة، حققه و خرج أحاديثه و اعتنى به فواز احمد زمرلي، فاروق حسين الترك، دار ابن حزم، بيروت – لبنان، ط1، 1431ه – 2010م.
5. ابن الملقن، خلاصة البدر المنُير، مكتبة الرشد للنشر والتوزيع، ط1، 1410هـ-1989م.
6. ابن تيمية، الاستقامة، تحقيق: دكتور محمد رشاد سالم، ط1، 1425ه2005م، دار الفضيلة الرياض – السعودية.
7. ابن تيمية، المستدرك على مجموع فتاوى شيخ الإسلام، جمعه ورتبه وطبعه على نفقته: محمد بن عبد الرحمن بن قاسم، ط1، 1418 ه، 166/2.
8. ابن حزم، المحلى بالآثار، دار الفكر – بيروت، بدون طبعة وبدون تاريخ.
9. ابن خلدون، المقدمة، تقديم و تحقيق: ايهاب محمد ابراهيم، مكتبة ابن سينا،القاهرة – مصر، الطبعة الاولى 2009.
10. ابن رشد، بداية المجتهد ونهاية المقتصد، دار الحديث – القاهرة، بدون طبعة، 1425هـ - 2004 م.
11. ابن عاشور، مقاصد الشريعة الاسلامية، تحقيق و دراسة الاستاذ الدكتور محمد الزحيلي، دار القلم، دمشق – سورية، ط1، 1438 ه – 2016م.
12. ابن عبد البر، الاستيعاب في معرفة الأصحاب، المحقق: علي محمد البجاوي، دار الجيل، بيروت، ط1، 1412 هـ - 1992 م.
13. ابن ماجه، سنن ابن ماجه، تحقيق: محمد فؤاد عبد الباقي، دار إحياء الكتب العربية - فيصل عيسى البابي الحلبي.
14. أبو داود، سنن أبي داود، المكتبة العصرية، صيدا – بيروت.
15. أبو زهرة، أصول الفقه، دار الفكر العربي، القاهرة – مصر، 1427ه – 2006م.
16. أبو محمد الغيتابى، البناية شرح الهداية، دار الكتب العلمية - بيروت، لبنان، ط1، 1420 هـ - 2000 م.
17. الألباني، إرواء الغليل في تخريج أحاديث منار السبيل، إشراف: زهير الشاويش الناشر: المكتب الإسلامي – بيروت، الطبعة: الثانية 1405 هـ - 1985م
18. الألباني، التعليقات الحسان على صحيح ابن حبان وتمييز سقيمه من صحيحه، وشاذه من محفوظه، دار با وزير للنشر والتوزيع، جدة، ط1، 1424 هـ - 2003 م.
19. باجلان، جمال محمد فقى رسول، المرأة في الفكر الاسلامي، دار المعرفة، بيروت، ط1، 1433ه/2012م.
20. البخاري، الجامع المسند الصحيح المختصر من أمور رسول الله صلى الله عليه وسلم وسننه وأيامه، صحيح البخاري، تحقيق: محمد زهير بن ناصر الناصر، دار طوق النجاة، ط1، 1422هـ
21. جمال الدين عطية + وهبة الزحيلي، تجديد الفقه الاسلامي، دار الفكر المعاصر، بيروت، ط1، 1420ه/2000م.
22. الجويني، نهاية المطلب في دراية المذهب، تحقيق: أ. د/ عبد العظيم محمود الدّيب، دار المنهاج، ط 1، 1428هـ-2007م.
23. الخلاف، عبدالوهاب، علم أصول الفقه، دار الحديث، القاهرة – مصر، 1423ه – 2003م.
24. الدراقطني، سنن الدارقطني ، حققه وضبط نصه وعلق عليه: شعيب الارنؤوط، حسن عبد المنعم شلبي، عبد اللطيف حرز الله، أحمد برهوم، مؤسسة الرسالة، بيروت – لبنان، ط1، 1424 هـ - 2004 م.
25. الرازي، فخرالدين، مفاتيح الغيب (التفسير الكبير)، دار إحياء التراث العربي – بيروت، ط3، 1420 هـ .
26. الرافعي، فتح العزيز بشرح الوجيز = الشرح الكبير، دار الفكر.
27. رقية طه جابر العلواني، أثر العرف في النصوص (قضايا المرأة نموذجا)، ط2، 1430ه، دار الفكر، دمشق – سورية.
28. الريسوني، الاجتهاد النص، الواقع، المصلحة، الشبكة العربية للابحاث والنشر، بيروت، ط1، 2012.
29. الزركشي، البحر المحيط في أصول الفقه، تحرير: د. عمر سليمان الأشقر، وزارة الأوقاف والشؤون الاسلامية – كويت، ط1، 1409ه/1988م.
30. سيبويه، الكتاب، تحقيق: عبد السلام محمد هارون، مكتبة الخانجي، القاهرة، ط3، 1408 هـ - 1988 م.
31. الشاطبي، الموافقات في أصول الشريعة، شرحه و خرج أحاديثه الشيخ عبدالله درازز، دار الكتب العلمية، بيروت – لبنان، الطبعة السابعة، 1426ه/2005م.
32. الشربيني، مغني المحتاج إلى معرفة معاني ألفاظ المنهاج، دار الكتب العلمية، ط1، 1415هـ - 1994م.
33. الشوكاني، نيل الأوطار، تحقيق: عصام الدين الصبابطي، دار الحديث، مصر، الطبعة: الأولى، 1413هـ - 1993م.
34. الطبراني، المعجم الأوسط، المحقق: طارق بن عوض الله بن محمد، عبد المحسن بن إبراهيم الحسيني، دار الحرمين – القاهرة.
35. عباس حسن، النحو الوافي، مكتبة المحمدي، بيروت – لبنان، ط 1، 1428ه – 2007م.
36. عبدالحميد، نظام الدين، جناية القتل العمد في الشريعة الاسلامية والقانون الوضعي، رسالة ماجستير،دار الرسالة للطباعة – بغداد، بدون طبعة،1395هـ - 1975م.

37. الغزالي، إحياء علوم الدين، تحقيق و تخريج: علي محمد مصطفى و سعيد المحاسنى ط1، 1431ه 2010م، دار الفيحاء و دار المنهل، دمشق سورية.

38. الفارسي، الأمير علاء الدين علي بن بلبان، الإحسان في تقريب صحيح ابن حبان، ترتيب، حققه وخرج أحاديثه وعلق عليه: شعيب الأرنؤوط، مؤسسة الرسالة، بيروت، ط1، 1408 هـ - 1988 م.

39. القرضاوي، الخصائص العامة للاسلام، مكتبة وهبة، القاهرة - مصر، ط7، 1434ه – 2013م.

40. القرضاوي، بينات الحل الاسلامي وشبهات العلمانيين و الرد عليهم، مكتبة وهبة القاهرة – مصر، ط5، 1434 ه – 2013م.

41. القرضاوي، كيف نتعامل مع التراث والتمذهب والاختلاف، مكتبة وهبة القاهرة – مصر، ط3، 1432ه2011م.

42. القرضاوي، ملامح المجتمع الاسلامي الذي ننشده، مكتبة وهبة، القاهرة – مصر، ط7، 1434ه – 2013م.

43. القرضاوي، موجبات تغير الفتوى في عصرنا، من مطبوعات الاتحاد العالمي لعلماء المسلمين (لجنة التأليف و الترجمة)، بدون طبع و لا تأريخ الطبع و لا المطبعة، من كتب قضايا الامة.

44. الكاساني، بدائع الصنائع في ترتيب الشرائع، دار الكتب العلمية، ط/2، 1406هـ - 1986م.

45. مالك بن أنس، المدونة، دار الكتب العلمية، الطبعة: الأولى، 1415هـ - 1994م.

46. المرغيناني، العناية شرح الهداية للمرغيناني، دار الفكر، الطبعة و التأريخ بدون.

47. المرغيناني، الهداية في شرح بداية المبتدي، تحقيق: طلال يوسف، احياء التراث العربي - بيروت – لبنان.

48. مسلم، المسند الصحيح المختصر بنقل العدل عن العدل إلى رسول الله صلى الله عليه وسلم، المحقق: محمد فؤاد عبد الباقي، الناشر: دار إحياء التراث العربي – بيروت.

49. المقدسي، ابن قدامة، المغني، مكتبة القاهرة، بدون طبعة، 1388هـ - 1968م

50. المنسي، محمد قاسم، تغير الظروف وأثره في اختلاف الاحكام في الشريعة الاسلامية، دار السلام، القاهرة – مصر، ط1431،1ه - 2010م.

**The problem of understanding Islamic texts in light of sanctifying heritage: a study from the perspectives of shariah purposes**

**Kadihm Ali Tofiq**
Ministry of Education
kazmali303@gmail.com

**Abstract**

When researching the Islamic heritage, there must be a scientific and accurate classification of the heritage, and to distinguish between the divine revelation and the understanding of the scholars of the Sharia, we submit and surrender to what is legislation and divine inspiration, and we have the right to discuss topics and issues of the scholars' understanding of Sharia.

To balance the constants and variables in the search for heritage, and to take into account conditions, people and places as much as possible, and to respect other scholars' viewpoints.The researcher should be proficient in the Arabic language and the purposes of the Sharia, and be well aware of the customs, circumstances, and also people's conditions when a fatwa issued.The Islamic law is concerned with the emergence of the rights and returns the rights to the owner, so the Quran takes care of justice and makes it a basis for the testimony.The testimony of the woman in (punishment, revenge, marriage, divorce, etc.) is a subject of jurisprudence not a strong consensus as it is called, and there is no explicit evidence that women's testimony is not accepted in those places. There are scholars from the early times to the modern believe that women are allowed to give testimony in various cases. Scholars and researchers should be bold in their search for this subject, especially in a time when they speak about the subject of women's rights and accuse Islam of being deficient.Women's testimony is a subject based on circumstances, rituals and customs, and these customs and circumstances have changed completely from what they were before, so we must look at the subject again on condition that they do not contradict the spirit of the sharia law and its purposes, especially that the life of women in our time is quite different from what it was. So we must take into account their rights as stated in the Sharia and do not use them to make the previous customs sacred.

**Keywords:** Islamic texts, problem, understanding, Sharia objectives.

**اشكالية فهم نصوص الشرعية في ضوء تقديس التراث**

**دراسة مقاصدية شهادة المرأة نموذجا**

**كاظم علي توفيق**
وزارة التربية
kazmali303@gmail.com

**ملخص**

عند البحث في التراث الاسلامي لابد من تصنيف علمي ودقيق للتراث، وأن نفرق بين الوحي الالهي و فهم العلماء للشريعة، فنخضع ونستسلم لما هو تشريع ووحي رباني، ومن حقنا أن نناقش الموضوعات والمسائل التي من أفهام العلماء للشريعة، لكن وفق الاصول و الضوابط المرعية لا اتباعا للهوى.

أن نتوازن بين الثوابت والمتغيرات عند البحث عن التراث، وأن نراعي الظروف والأشخاص والأمكنة قدر الامكان، وأن لا نجرح أحدا من العلماء على خطئه.

أن يكون الباحث للأحكام الشرعية متمكنا في اللغة العربية ومقاصد الشريعة، ويعرف الاعراف والعادات والظروف والمصالح لتنزيل التنصوص وإصدار الفتوى.أن الشريعة الاسلامية تهتم بظهور الحق وارجاع الحق الى صاحبه، لذا اهتم القرآن بالعدل وجعله أساسا للشهادة دون أي شرط آخر.شهادة المرأة في (الحدود و القصاص والنكاح و الطلاق و .... غيرها) موضوع اجتهادي و ليس مجمعا عليه كما يدعى، و لا يوجد نص صريح بعدم قبول شهادة المرأة في تلك المواضع، وهناك علماء من عصر التابعين الى زمننا هذا يرون قبول شهادتها في كل الاحوال، وعلى العلماء والباحثين أن يكونوا جريئين في البحث عن هذا الموضوع، وخاصة نحن في عصر يتكلم فيه عن موضوع حقوق المرأة ويتهم الاسلام بأنه نقص من شأنها. شهادة المرأة موضوع مبني على الظروف والاعراف والعادات، وهذه العادات و الظروف قد تغيرت تماما عما كان عليها سابقا، لذا لابد أن نبحث عن الموضوع مرة أخرى بحيث لا يتناقض مع روح الشريعة و مقاصدها، و خاصة أن حياة المرأة في عصرنا تختلف تماما عما كانت عليها سابقا، إذا لابد أن نراعي حقوقهن كما جاءت في الشريعة و لا نستغلهن بجعل الأعراف السابقة مقدسة.

**الكلمات الدالة:** النص الشرعي، الفهم ، مقاصد الشريعة.